ژماره ١٢
نیسانی ٢٠٠٨

خەمێکی ژ

# کوێستان

* کوێستان ساڵێك لەتەمەنی بەڕێدەکا.
* خەریکە وشکەساڵی کوێستانیش دەگرێتەوە.
* کوێستان بابەتەکەی بۆ بڵاونەکردمەوە.
* کوێستان مانشێتێکی باشی بۆ چاوپێکەوتنەکەم دانەنا.

هاوکات لەگەڵ ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی، کوێستان مۆمی یەك ساڵەی تەمەنی دادەگیرسێنێت، لەو یادەدا سڵاو بۆ گیانی بەرزەفری میقداد مەدحەت بەدرخان دەنێرین، جەژنی ڕۆژنامەگەری پیرۆز رادەگرین، ساڵێك لەتەمەن، ساڵێك بوو پر لەخەمو تەژی لە خۆشەویستی، ساڵێك لەکەموکوری بەدەرنەبوو، ساڵێك بۆ مەحاڵ تێپەراندن بوو، ساڵێك پر لە گلەیی و گازەندە، ساڵێك لە کۆشش و ماندووبوون، ساڵێك بۆ بێدەنگیەکانی کارۆخ، بۆ قاقاکانی حەمە، بۆ سەرقاڵیەکانی کاکەمین، بۆ ئەفکارەکانی حەسەن، بۆ ئەزموونی سوهام، بۆ تکاکانی دڵشاد، بۆ سەلیقەی زاگرۆس، بۆ هاتووچۆکانی عەلی حوسێن، ساڵێك بۆ ماڵئاوایی چەند هاوکارێك، ساڵێك بۆ ئیشە لاوەکیەکانی بەندە.

لە ساڵیادی کوێستاندا خەم بۆ هەموو ئەوانە دەخۆین کە هاوکارمان بوون و بەهەندێکیان رانەگەیشتین سوپاسێکیشیان بکەین، داوای لێبوردنیش لەهەموو ئەوانە دەکەین ئەگەر خوا نەخواستە دڵان ڕەنجاندبن، دەستخۆشی بۆ ئەوانە دەنێرین، کە بەرەخنەو پێشنیازەکانیان گۆڤارەکەمانیان جوانتر کرد. خەمیش بۆ ئەوە دەخۆین کە حکومەتی خۆمان، بەتایبەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری هاوکارمان نەبوو، لەدڵەوە ئاواتە خوازی گۆڕانکارین لەو وەزارەتە.

دوای ئەزموونی ساڵێك کاتی ئەوە هاتووە، خۆشمان بەجۆرێکیتر خەم بۆ کوێستان بخۆین، پێداچوونەوەیێك و چاوخشاندنەوەیێکی زانستیانە، ڕۆژنامەوانیانە، دوور لەسۆزو خەیاڵ بۆ ستراتیژی گۆڤارەکەو شێوازی کارکردنی ئایندەمان بکەین، لەم ساڵیادەدا ئەو پرسیارەش دەکەین گەلۆ، بۆچی لەسەردەمی گلۆبالیزم هەر هەوڵێك لەهەر بوارێك بێتو لەسەنتەری پارێزگاکان نەبێت، بەچاویلکەیەکیتر سەیربکرێت، ئێمەش گۆڤارو ڕۆژنامەکانی سەنتەری پارێزگاکان دەبینین و دەیانخوێنینەوە!



جەرجیس ئیبراهیم
bawkitana@yahoo.com